# نامەی عوسمان _ م   بۆ خەلەیل غەزەڵ

بۆ زۆر بەڕێز هاوڕێی دیرین کاک خەلیل غەزەڵ!
لەگەڵ ڕێز و ئێحترامی تایبەتی.
چەند ڕۆژێک لەوەپیش بابەتێکتم خوێندەوە ( سەرهەڵدانی جەماوەری، دوو ئەرکی هێزە سیاسیەکان). دەستەکانت خۆش بێت و سەری ڕیز و نەوازش بۆ هەستی بەرز و بە سۆزت دادەنەوێنم! نیەتی تۆ لە ناخەوە سەرچاوەی گرتوە و هەموان ئەزانین کە یەک ساتیش زام و دەرد و ژێردەستی و هەروا بە چەوساوەیی مانەوی میللەتی کورد بە خاک و خەلکیەوە، لەبیر ناکەی و بۆ ڕزگار بونی وەک تێکۆشاوی! تێدەکۆشی!!.
دواتریش نامەکەتم خوێندەوە کە بۆ کاک ئیبراهیم عەلیزادەت نوسیبوو و داوات لیکردوە کە ئەو بانگەوازە هەڵبوەشێننەوە کە تێیدا داوا لە خەڵکی کوردستان، هێز و کەسایەتیە سیاسیە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان کراوە بۆ مەحکوم کردنی جینایەتەکانی ئەم دواییانەی ڕژیمی سەرمایەداریی ئیسلامی ئیران دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کە ڕۆژی یەکشەممە 16 ی گەلاوێژ قەرارە بەرێوە بچێ.
لە ڕاستیدا لام زۆر لام سەیر بوو کەسیکی وەک کاک <u>خەلیل</u> هەر وەک خۆی "دوو ئەرک دیاری ئەکا بۆ هێزە سیاسیەکان"، دوو خاڵ لەبیر ئەکا و بێ لێکدانەوە نامەیەکی ئاوا ئەنوسێ. یەکەم ئەویەکە کۆمەڵە کە دەستپێشخەری کردوە و پێشتر ڕاپرسی لە هێزە سیاسیەکان کردوە بۆ ئەنجامدانی حەرەکەتێکی ئاوا و وڵامی نەی لە لایان بریکیانەوە وەر گرتوە، تاوتوێی کردوە و سەنگی خۆی بۆ داناوە. کەوایە کاک خەلیل یان ئەمەی لیک نەداوەتەوە یان ئەگەر سەری نەگرت بڵێ: نەموت مەکەن و شتێکی لێ هەڵکرێنێ بۆ مەبەستی خۆی. چونکە هەروا ئاسان نییە ڕێکخراوێکی سیاسی کە خاوەنی مێژوێکەی درێژ و پڕ ئەزمونە و خۆی بە مەسئول دەزانێ بە بێ هیچ لێکدانەوەیەک بریارێک بدا و بە بێ هیچ بەرپرسیایەتێەک بەرانبەر بە بریارەکەی، بە قسەی کەسێک یان لایانێک هەلیوەشێنێتەوە کە هاوکاتییان نەکردوە. ئەمەی کاک خەلیل پێک هێنانی شورای میللی مقاومەتی هێنایەوە بیرم کە حیزبی دێموکرات لە ساڵی 1361 ی هەتاوی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک پێکیان هێنا.
ئەو ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بێ ئەوەی میللەتی کورد ئاگای لێ بێ، بە بێ ئەوەی تەنانەت نەک ئەندامانی سادەی حیزب، بەڵکوو زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیش ئاگایان لێ نە بوو ڕێبەری حیزبی دێموکرات و 1_2 کەس لە جێگرەکانی "شورای میللی مقاومەت"یان پێک هێنا و پاش ماوەیەکی کورت دسیان کەس ئاگای لێ نەبو هەڵیان وەشاندەوە. هەردوک جارەکەش بە گەورەترین سەرکەوتن بۆ گەلی کوردیان دانا.
لێرەدا من پێم وایە کاک خەلیل دەبوو نەک هەر پشتیوانی لەم بانگەوازە بکردایا، بەڵکوو ئەشیا بەگەرمی دیفاعی لێ کردبا و ڕایگەیاندبا کە <u>ئەوەی خۆی پێ دلسۆزی خەڵکی کوردستانە و نە ناو و نە دەسەڵات لای مەبەستە ئازدی کورد نەبێ، لەم مانگرتەدا دەکا و ڕۆژی تاقیکردەوەیەکی ترە! و گرنگ نییە کێ دەست پێشخەری کردوە!</u>
لە نامەکەیدا کاک خەلیل مخالفی ناوەرۆکی بانگەوازەکە نییە، بەڵکوو مخالفی ئەوەیە کە کۆمەڵە هەست و شعوری سیاسیی بەم تاکتیکە زەروریە شکاوە. ناوەرۆکی بانگەوازەکە زۆر ئەمرۆیی، شارستانی و ژیرانەیە و خاڵەکانیشی مەنتیقی و ئینسانیە. شتێک کە دەبو کاک خەلیل قامکی بخستایەتە سەری کە لا بانگەوازەکەدا نەهاتوە و دەبو ئاماژەی پێ کرابا، ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵک کرابا وریا بن و ڕێگا بە کەسانی و تاقمی چەکداری هەلپەرەست و نامەسئول نەدەن بۆ سوئیستفاد و قواستنەوەی ئەو حەرەکەتە بۆ قازانجی خۆیان لە جەماوەری ڕاپەریوی کوردستانی تێک بدەن و ببنە هۆی کوشتاری زیاتری خەڵکی کوردستان.
خاڵی دوهەم ئەوەیە کە کاک خەلیل تەنانەت بابەتەکەی چەند ڕۆژ لەوە پێشی خۆشی لەبیر کردوە کە بە درێژە کارنامە و سیاسەت و مەبەست و تەنانەت داهاتوی ئەو هێزە سیاسیانەی کە ئامادە نەبون لەگەڵ کومەڵە ئهو بانگەوازە ڕاگەیەنن، داوەتە بەر لێکۆڵینەوە. کاک خەلیل ناوەرۆکی ئەو هێزە ناسیۆنالیستانەی بە ڕونی خستوەتە بەر قەزاوەتی قەڵەمەکەی و وەک خۆیان بە بێ کەم و زیاد و زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە باسی کردون کە چی بوون، هەن و دەبنە چی. بەم حاڵەشەو هیشتا وادیارە کاک خەلیل باوری بە خۆشی نییە و ئەیەوێ لەو قورە تۆز هەستێ.
بەم جورە کاک خەلیل لە وتارەکەی خۆی پەشیمان ئەبێتەوە و هەر لەبەر ئەوەکە  کۆمەڵە ئەو بانگەوازەی بڵاو کردوەتەوە سیمایەکیتر لەو هێزە سیاسیانە نیشانی خەڵک ئەدا و نیگەرانە کە سەنگیان لارەسەنگ بێ. بۆ ناسینی ئەو هێزە سیاسیانە کە کاک خەلیل باسیان دەکا و دەبو کومەڵە پرسی پێ کردبان جا ئێقدامی کردبا، داواتان لێ ئەکەم  بابەتەکەی کاک خلیل بخوێننەوە کە لە سایتی دەنگەکان دانراوە، و گوێ بگرن بۆ وتووێژی کاک ئیبراهیمی عەلیزادە کە لەسەر ئەو داوایەی کاک خەلیل قسە ئەکا و ئەڵێ کە بەر لە بڵاو کردنەوەی بانگەوازەکە پرسمان بە هەمو لایەنەکان کردوە.

به رای من، من و کاک خەلیلەکان ئەبی چیتر گومان لای خەڵکی کورد بەرانبەر بەو هیزانەی کە تا ئیستا هەم جلّەوی خەباتی کوردیان بەدەستەوە بوە و هەم جارەنوسی کورد، دروست نەکەین و باشترین خزمەت بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی میللەتی کورد ئەوەیە کە هەمو راستیەکانیان بو باس بکەین. بۆ ئەم کارەش من یەکێک لەو ئەرکانەی باسکردنی راستیەکان بەوە دەزانم کە وتارەکەی کاک خەلیل باشترین بەڵگەن لەسەر ئە هێزانە، و دەبی بیخەینە دەستوری کاری خەباتمان. چونکە بە بێ پۆخت کردنی ناوخۆمان، بە بێ دەرس وەرگرتن لە میژوی شکستەکانمان، و نموونە تازەکانی ئیستا، بە تایبەت کوردستانی عێراق، بە دڵنیاییەوە ئاکام هەمان دوپات کردەوەی رەوتی بنبەست و شکست خورادوی جاران دەبێ و هیچتر.

لە کۆتاییدا ئەرکی هەمومانە بە دەنگی ئەو بانگەوازە میژوییەوە بچین! بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە یەکیەتی ریزەکانی خەڵکی ستەم لیکراوی کوردستان و یەکیەتی و رزگاری ئەو میللەتە لامان گرنگتر و پیرۆزترو زیاترە تا قازانجی حیزبی و شەخسی و سیاسی خۆمان.